# هەرجارەی باسێک

# پێکەنین و جورئەتکردن بە گشتی و لە ڕێکخراو دا

**ئاسۆ حامدی**

گاڵتەوگەپ هونەرێکی بەرزە، کەم مرۆڤ لەم نێوەندەدا باڵا دەستن.هونەرمەندانی گاڵتەوگەپ یش کەمن و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. پێکەنین باشترین هۆیە بۆ جورئەتکردن و نوێخوازی.

زاناکان دەڵێن منداڵان تا تەمەنی 5 ساڵە زۆر زیاتر لە کەسێکی بالغ دا پێدەکەنن، ئەمەش هەم گەشە بە گەشەیان دەدات و هەم جورئەتیان پێ دەبەخشێ.

پێکەنین لە وولاتانی دانیشتوانی چڕو پڕ دا بۆتە هۆیەک بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ئەم جەنجاڵیەو تەنیاییە یان لە بیر بچێتەوە.

پێکەنین هەر هۆیەک نیە بۆ ئەوەی مێشک و زهنی مرۆڤەکان پێ ی گەشە بکات، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا ئامرازێکی ئیعترازە، پێکەنین هۆیەکە بۆ ئیعتراز بە چەوساندنەوە و ستەم.

لە دونیای ئەمڕۆ دا کە سەرمایە تاکە شتێ نەتوانی دەستەمۆی بکات گاڵتەو گەپە، ڕەنگە ئەمیش هەر ئەسیری ئەسیرە بەس ئەمە بۆ گاڵتەیە.

گەشەدان لە کار و خوێندن و وەرزش و هتد. بەبێ خۆشەویستی بۆیان و ڕێز دانان بۆیان بە سەرکەوتن ناگەن، لەلایەکی تر بەبێ پێکەنین ناکرێ سەرکەوتن لەم نێوەدا تۆمار بکریت.

جورئەتکردن بە شێکە لە داهێنان، بۆ ئەوەی مرۆڤ جورئەت بکات دەبێ بتوانێ ڕۆڵ بگێرێ و ئەکتەرێکی ڕێک بێت.

ڕابەرە سیاسیەکان توانای جورئەتیان هەیە، لە یەک کاتتدا دەتوانن بیربکەنەوەو بدوێن. ( ئەگەرچی هەموو ڕابەرێکی سیاسیش ڕەنگە وانەبن و بە گوێرەی تواناکانیان جیاوازیان هەیە).

هەر بۆیەش ڕابەرە سیاسیە بەتواناکان دەتوانن خۆیان لە هەموو ناوەندەکاندا بکەنەوەو جێگاو ڕێگا بۆ خۆیان داگیربکەن.

پێکەنین پێویستیەتێکی ژیانی مرۆڤەو کەم کەس دەتوانێ بەبی پێ کەنین ژیان بەسەر ببات. تەنانەت لە نێو کاردا و لە ڕێکخراوە جیاجیاکاندا کاریگەری جدی هەیە لەسەر کەش و هەوای ڕێکخراو ڕاپەڕاندنی کارەکانی دا.

بەڵام جورئەتکردن کەسی جەریئی دەوێ، وەکو سەرچۆپی وایە کوڕی خۆی دەوێ.

ڕەخنەی بنیات نەرانە و ڕەخنەی ڕووخێنەرانە رووی یەک دراون بۆ گەشەدان و لەنێو بردنی جورئەت دا لە دەروونی ڕێکخراودا.

مرۆڤە جەریئەکان لە نیو ڕێکخراوەکاندا هەردەم بە نموونەیی و نوێخوازی ناسراون، دینامیک و ئاڵوگۆڕ و لە بزوتنەوەی بەردەوام دان و سەرچاوەی گەشەی ڕێکخراون.

ڕێکخراوێکی چالاک و زیندوو هەردەم لە ئەنجامی بیری تازەو کاری نوێ و بەردەوام و ڕێک هاتنەوە لەگەڵ داخوازیەکانی زۆرینەی خەڵک و ئاواتەکانی سەرتاپای ڕێکخراودا لە کەش و هەوایەکی بنیاتنەرانەدا هەناسە دەدات.

بەنموونە دانسی کورسیەکان ( یانی هەموو مەسولەکانی نێو ڕێکخراو بە دامەزرێنەرو ڕابەرەوە هەمووی کاتیە و هەلبژاردن بریاری خۆی دەدات دوور لە هەموو چاوسوورکردنەوەیەک و ئیمکاناتی ماددی و هیزی تردا) لە نێو ڕێکخراو لە ئاستی جیاجیادا بە شێکە لە پێکەنین و گاڵتەو گەپ، یان جیاوازی کاری زهنی و کاری فیزیکی یان پێکەوە کاری کەسە دژ بەیەکەکان دەبنە هۆی گاڵتە وگەپ و دروست بوونی

زۆرێ لە جۆک و گاڵتە. یان ڕەخنە گرتن لە دەورانێکی دیاریکراوی حزب خۆی بە گاڵتەو گەپ زۆر گەشە بە ئایندەی کارەکان دەدات.

ڕەخنەی ڕووخێنەرانە زۆر جار لە ئەنجامی سیاسەتی پاسەفیستی، ئۆپۆرتونیستی یان کەلتووری کۆنی ڕیکخراوەیی سەر هەڵدەدات. کادیرە کۆنەکان یان فەرمانبەرە کۆنەکان ترسیان لە وەیە کە کارەکانیان یان جێگاکانیان چۆڵ بکەن هەردەم هەوڵدەدەن کەلتووری کۆن و سیستەمی کۆن بپاریزن و تا دوا هەناسە بۆی خەبات دەکەن. یان کاریگەری بەرەکانی دەرەوە و فاکتەرەکانی ناتوانن نوێخوازی پیادە بکەن و هەر بە هامان سیستەم کار دەکەن. ئەمەش بە گوێرەی جێگا و ڕێگای مەوقعیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕیکخراوەکان و شوێن و کاتدا دەگۆڕێ.
لە ڕیکخراوی ستاتیک و ڕۆتین و وەستاو لە ئاستێ پێکەنین وونە و ڕۆتین و بیروکراسی و ووشک و برینگەو کەش و هەوای زۆر نارێک و گشتی هەیە. ئەندامانی ناتوانن بەرەو پێشەوە هەنگاو هەلگرن و چارەنووسی ڕێکخراو نادیارە و ناتوانێ بەردەوامی بە کارو چالاکیەکانی بدات.
ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین مرۆڤەکان لە نێو ڕیکخراودا ئازادن لە پەیوەندیە ناوخۆییەکانی ڕیکخراوەیی دا بەهرەمەندن لە بەهای مرۆڤایەتییان دا و ( سەرکردەی ڕێکخراو یان داموەزگاکان ناتوانن ئەندامان ناچار بکەن تا پێیان بڵێن – بەڵێ هاوڕێ فلان ڕابەر و سەرکردە یان بەڵێ گەورەم ، ئەزبەنی و ئەز غولام و هتد).
ڕەنگە هەندێ بڵێن گاڵتەوگەپیش کالا یە و قابیلی کڕینە زۆر ڕاستە وەکو لەشی ناسکی کچۆلە و کوڕەکانی نێو شوشە خانەکانی ئەمستردام و ئوستەمبۆڵە، بەلام وانیە بە نموونە کاتێ مستر بین دیوارەکەی خۆی دەبڕێتەوە وێنەی دیانا و تشارلز لە لایەکی تری لەگەڵ کارەبای ماڵەکەی دوو لەت دەکات. حەتمەن کەسایەتی مستر بین هەرچی بێ یان نا گرنگ نیە گرنگ گاڵتەکەیە کە سەری دوو مرۆڤ دەبڕێتەوە کە بەدەسەڵاتترین کەسن لە بەریتانیا دا و لەسەر شانی پیرۆزی هێزی کاردا وەستاون. یان گاڵتەکانی تری مستەر بین لە کاتی تۆقەکردنی لەگەڵ ئیلیزابیت دا. یان هونەری کاریکاتۆر کە هەموو سەرکردەکانی دونیا دەتوانن بە گاڵتە بخەنە ڕوو و لە ئاستی جیاجیادا و کەسیان بۆیان نیە ڕەوڕەوەی بوستێنن. هونەری تەشکیلی لە گشتدا هەرگیز خزمەت بە زۆردارو دەسەڵات داران ناکات. بەم تابلۆیانەی کە خودی بۆ زۆرداران کێشراوە ئەویش لە واقع دا ڕووی زوڵم و دەسەڵاتیان نیشان دەدات.
پێکەنین هۆیەکە بۆ گەشەدانی سایکۆلۆژی ئینسانەکان و توانایی لەشی مرۆڤ گەشە پێدەکات و ئینێرژی تایبەتیشی دەوێ و بە شێکە لە وەرزیش و گەشە بە تەندروستی مرۆڤ دەدات.
جورئەتیش لە ئەنجامیدا گەشە بە کارو ڕیکخستن دەدات.

هۆلەند 2007